# خۆكوشتن لە ئاوێكی سارددا

## توانا

ماوەیەكە زۆر گۆڕاوم، هۆشم بەخۆم نییە. شەو تا سوبح بەدیار مەولانەو شەجەریانەوە بیر لەتۆ دەكەمەوە كەرەنگە لەچاكەت و بیجامەیەكی پەمەیداو لەژێر چەرچەفێكی شیندا بێخەیاڵ وەك (لازۆ) نوستبێتی.ماوەیەكە ئەوەندە لەئەدەبیاتی كلاسیكدا رۆچووم دەترسم رۆژێك ئیتر لێی نەگەڕێمەوە، خۆرەكەی (سادقی هیدایەت) بەردەوام ناوەوەم دەخوات و حەزناكەم كەس پێمبزانێت.

لەماڵەوە نان دەخۆم.. نازانم نانی كەیە (كوردە) دەڵێ: "لەسەر خۆت نیت" ئەوەندە هێواش ئەمە دەڵێت بەشێوەیەك هەر دەنگی نابیستم، وەلێ لەودیو چاوەقوڵو پڕ میهرەكانیەوە هەست بە عبوری ئەم دێڕانە دەكەم .لەگەڵ (شاخی)دا لەقاوەخانەی كوڕێكی خوێن شیرین داوای قاوەیەكی تاڵدەكەم .. دەڵێم بەڕێز با خەست بێت وەك مەیلی من و كەم شەكر بێت وەك دڵی ئەو.

یەكێكیان دەبرم نازانم توتەیە یا برا تووتە یابالآبرزە یا شادە یا براگەورە یەكێك لەو پە نجانەمە چەقۆكەم خستۆتە سەری و گوێم لەكیرەكیرێتی، كەمێك ئەڵقەكەم دەبەمە پێشەوە، ئەوە ئەوە ناهێڵێت بیبرم!

ئاگام لەخۆم نییە لە كلێنسێكی سپیدا پە نجەی سوری خۆم لەسەر كیبۆردەكەت دادەنێم وەك هەمیشە ژوورەكە جێدەهێڵم، كلێنسەكەت كردۆتەوەو هەستاویت و یەك بەدنیا دەقیژێنیت، هەموو ژوورەكە لەگەڵتا رادەپەرن كەس هیچ نابینێت. دەتبینم لەتیشێرتێكی قاوەیدا دەستت گرتووە بەدەمتەوەو ماتو حەریر ناتوانیت بگریت.كەچی وا لەكلێنسە سورەكەوە پە نجەی سپی من دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەرژێتە نێو دوگمەمانی كیبۆردەكەوە.

شەوێكی درەنگ بەدەمانچەی كلۆتی شاعیرێك لەنێو دارەكانی سەرچنارا بەدیار قیرەی برا بۆقەوە چاودەبڕمە قنچكی هەرمێی بەجێماوی سەرخۆشێك، درگای ماشێنەكەم كردۆتەوە دەمەوێت خۆم بكوژم. درێژ كەوتووم خوێنی گەرمم فیچقەدەكاتە ئاوە ساردەكەوەو كەس نازانێت پێكەوە بۆ كوێ دەڕۆن.

هێشتا گوێم لەشەجەریانی ناو ماشێنەكەمە دەچریكێنێ: "ئەی دڵی ماندوو لەكوێی" من لەبەرخۆمەوە، نـــــا، خۆم نەماوم لەدڵما دەڵێم: ئەی **شاناز**ی ئەم دڵە نا**سەلیم**ەی من تۆ لەكوێی؟!.

*ئەو ناوانەی لەكەوانەكاندا هاتوون، هەموو ئەو كەسانەن كە من دەتوانم بەهۆیانەوەئەم بێمانایيە تەواو بكەم كە ناوی ژیانە.